## پرسیارەکانی بابەتی مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئەوروپا

**پرسیار : نیشانەی (√) یان نیشانەی چەوت (×) لە بەردەم ئەم ڕستانەی خوارەوە دابنێ و، چەوتەکان ڕاست بکەرەوە.**

**تێبینی:** پێویستە ڕستە چاککراوەکان بە تەواو بنووسیتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر چەوتەکان ڕاست نەکەیتەوە نمرە وەرناگریت.

١. ئیراسمۆس ئەو زانایە ئاینییە بەلجکییە بوو کە داوای وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزی دەکرد بۆ زمانی گشتی خەڵک.

٢.فردیناند ماجەلان دۆزەرەوە ئیتاڵی بە ڕەچەڵەک پورتوگالی یەکەمین کەس بوو بە دەوری زەویدا سووڕایەوە.

٣.خانەدانەدانی ئەڵمانیا ناسراو بوون بە بورباس.

٤.ساڵی ١٦١٠ پاشای پۆڵەندا سیگۆمند، جەنگی لە دژی نەمسا ڕاگەیاند.

٥. کاترینی دووەم ماوەی نێوان ساڵانی ١٧٦٢- ١٧٩٦ فەرمانڕەوایەتی ڕووسیای کرد.

٦. رۆبسبێر وەک سەرکردەیەکی ڕاسترەو ماوەی نێوان تەمموزی ١٧٩٣ – تەمموزی ١٧٩٤ لە فرەنسا فەرمانڕەوایەتی کرد.

٧.کراسوورەکان ئەو هێزە بوون کە گاریبالدی سەرکردایەتی دەکردن لە خواروی ئیتاڵیا.

٨.یەکێک لە مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ئەمیان ساڵی ١٨٠٢ کشانەوەی فرەنسا بوو لە میسر.

٩. جۆن ویکلف قەشەیەکی پرۆتستانت بوو بانگی پیاوانی ئاینی کرد بۆ یەکتاپەرستی.

١٠. لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی کاتۆکامبرسیس ساڵی ١٥٥٩، ئەڵمانیا پارێزگاری کرد لە دەسەڵاتەکەی بەسەر ناپۆلی و زەوییە نزمەکان.

١١. پیۆریتانییەکان ئەو گروپە توندڕەوە بوون کە لە سەردەمی شاژن ئیزابیس لە ئینگلتەرا دەرکەوتن.

١٢. ریشیلیۆ ساڵی ١٦٢٤ بوو بە ڕاوێژکاری لویسی چواردەهەم پاشای فرەنسا.

١٣. بە پێی پەیماننامەی ئەتریخت ساڵی ١٧١٣، وڵاتانی ئەوروپا دانیاننا بە ڕوسیا.

١٤. فردیکی دووەم پاشا پروسیا، بە دادگەری خۆسەپێن ناوی دەرکرد بوو.

١٥. ماری تریزا ئیمپراتۆر فرەنسا ساڵی ١٧٨٠ کۆچی دوایی کرد.

١٦. ڕایەخ وشەیەکی ئیتاڵییە بە واتای ئیمپراتۆریەت یان دەوڵەت دێت.

١٧. جسی ماتزینی ساڵی ١٨٣٠ کۆمەڵەکی ئاشکرایی دامەزراند بە ناوی ئیتاڵیای لاو.

**پرسیار: بە خاڵ وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە.**

١. هەنگاوەکانی ڕیشیلیۆ لەسەر ئاستی ناوخۆ لە فرەنسا.

٢. گۆڕانکارییە خراپیەکانی لینین، کە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش هەنگاوی بۆ نا.

٣. ئەنجامەکانی ڕێککەوتنامەی ویستڤالیا ساڵی ١٦٤٨.
٤. هۆکاری هەڵبژرادندی شاری ڤییەنا بۆ کۆنگرەی ساڵی ١٨١٥.
٥. گرنگترین ڕەخنەکەکانی، کە لە بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤییەننا گیراون. .

**پرسیار: هۆکاری ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە.**

١. دەستگیرنەکردنی مارتن لۆسەر لە لایەن ئیمپراتۆرەوە.
٢. سەرکەوتنی مەسەلەی چاکسازی لە بریتانیا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم.
٣. سەرهەڵدانی چاکسازی ئاینی لە ئەوروپا.
٤. دەسپێکردنی دۆزینەوەی جوگرافییەکان لەلایەن ئەوروپییەکان.
٥. سەرهەڵدانی شۆڕش لە ناوچەی زەوییە نزمەکان لە دژی فلیپی دووەم پاشای ئیسپانیا.
٦. خراپی باری دارایی فرەنسا بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕش لە ساڵی ١٧٨٩دا.
٧. سەرکەوتنی مەسەلەی چاکسازی لە بریتانیا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨١٥-١٨٣٠).

**پرسیاری مقالی:**

پلویس فلیپ (١٨٣٠-١٨٤٨) لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا لە فرەنسا ڕووبەووری کۆمەڵێک گروپی بەرهەڵستکار هاتەوە. باسی ئەو گروپانە بکە.

یەکێک لە ئەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازی قووڵبوونەوەی ململانێی نێوان کرێکار و سەرمایەدار بوو، بە کورتی و بە پوختی لە بارەیەوە بدوێ.

بە کورتی و بە پوختی لە بارەی سەردەمی سەرۆکایەتی دانتۆن ١٦ی نیسان تا ١٠ی تەممووزی ١٧٩٣ لە فرەنسادا، بدوێ.

ناپلیۆن پۆناپارت (١٧٩٩-١٨١٤) لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی لە فرەنسادا ژمارەیەک هەنگاوی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە گرتەبەر، بە کورتی و بە پوختی لە بارەی هەنگاوەکانی بدوێ.

**پرسیار: پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە.**

ئۆرلیخ زوینجلی، مازارین، قەسابخانەی سان برسلمیو، مەدام پیمپادۆر، ستیڤن ڕازین، کاترینای دووەم، شەڕی ئەرمادە، ڕێنیسانس، کۆمەڵەی جزویت، ڕیشیلۆ